# ئەوانەی دوێنیێ داوای ئازادیان دەکرد ...ئیمرۆ لیێ دەترسن

رزگارکۆچەر
rzgar77@hotmail.com

لەپاش راپەرین تا ئێستا راگەیاندنی کوردی بە شێوەیەکی بەرچاو رۆڵی خۆی نەدیوە و نەبۆتە ئەو فاکتەرە گرینگە تا وەك دەسەلاتی چوارەم سەیر بکرێت هەرچەندە جموجۆل هەبوە بەڵام دەنگی رۆژنامە نوسان لە رێگای کەنالەکانی گەیاندن نەگە یشتۆتە ئەو رادەیەیی ببێتە هێزی فشار بۆ سەر دەسەلات تا پردێك لە نێوان دەسەلات و جەماوەر دروست بکرێت ...

ئەگەر سەیری هەندێك لە قەلەم هەلگرانی پاش راپەرینیش بکەین دەبینین هیجیان لە پاشکۆیاتی زیاتر بۆ بیرو هزری حزب و ولا بوون بۆ کورسی و خۆ فشکردنەوە زیاتر نەیان توانیوە هیج شتێکی تازە لە دونیایی پر لە داهێنان وتەکنەلۆژیا پێشەکەشمان بکەن لێرەش دەکرێت بە رەهایی سەیری ئەو ناوانە نەکەین کە قۆلیان لێهەلکردووە لە هەموو دۆخێك قسەیان خۆیان هەبوە

ئەوەی من مەبەستمە زیاتر ئەو قەلەمە شکاوانەیە کە بە چەقەنەی ئاغاکانیان دەنوسن دەنگی ئازادی خوازنیش بە دەنگێکی نەشاز لەقەلاەم دەدەن....

لێرەش ئەگەر بە وردی سەیری کەناڵە حزبیەکان بکەین ئەو راستیەمان بۆ دەردە کەوێت بەڵام ئەوەی جێگای سەرسورمانە هەندێك قەلەمی نوك کۆر و هەندێك ررۆژنامەنوسی ئەنتی پرۆفیشنال ئەوانەی موی سەریشیان لەسەر خێرو بەرەکەتی دەسەلاتە دەیانەوێت شەرعیەت لە دەنگ و قەلەمی ئەو کەسانە وەربگرنەوە کە تروسکایەك بۆ ئازادی هەوڵ دەدەن و بە شان باڵی گەندەڵەکان هەڵ نادەن ....

گەندەلەکانیش ئەو مرۆڤە کورەتە بالایانەی سیاسەتن ....ئەوانەی دەیانەوێت رابردوی پر وەهمی خۆیان بکەنە ئەستورەی شکسپیرو زۆربا ......ئەوانەی لە پرێك بونە کورێك ...

ئەوانەی دەیانەوێت بە تەجاوز شەرعیەت بدەن بۆ رابردوی پر شەرمەزاری خۆیان ....تا قەلەمە شکاوەکانی ئەنتی پرۆفیشناڵەکان لە وەهمەوە بیان کەن بە کارێزما...

ئەوانەی دوێنیێ لە ئازادی دوای ئازاد بونی راو قسەو پەیفی هەق و وشە جوانەکانیان دەکرد ئیمرۆ لە هەموو کەس زیاتر رقیان لە ئازادی و ئازادی رادەربرینە ...لێرەش گەر مرۆڤ بپرسێت بۆ ئەوانەی دوێنی داوای ئازادیان دەکرت ئیمرۆ رقیان لە ئازادیە ؟؟؟؟؟

ئەوا وەڵامەکەی هەموو کەسێکی نزیك لە رووداوەکان و دەتوانیت بە دوو وشە وەڵامەکەی بداتەوە ...

کەسانێك لەودیو سنورەکانی لێکدانەوی ئەقل و هۆش بە دوو قسەی بیێ مانای پێدا هەلگوتن و ماستاوجیاتی بگەنە هەموو ئەو خەونانەی کە زۆربەی تاکی ئەم میلەتە لیێ بێبەش بوینە ئیمرۆ چۆن ئازادی کەسانی تریان خۆش دەوێت ...

کەسانێك راستی و ماهیتی ئەسلی ئەو مرۆڤە بزانن .....کەسانێك باگراوندی بیرو هزری رابردووی ئەم مرۆڤە بزانن

ئیمرۆ بە ج پێوەرێك رۆژنامەنوسێكی تۆز وبا وەسفی ئـازادی قەلـەمی هـەق و بـێ مەرەكـەب بكـات .....چـۆن وەك فەوزەویی و قەلەمی نامەسئول و بێ تەجروبە وسفیان ناكات ...!!!!!!!!!

ئەوانەی ئیمرۆ لە سایەت ئەلكترۆنیەكان باس دەكرێت بە هەموو پێوەرێك قسەی هەق و وشەی ئازادی خوازنە ...قسەی دژ بە گەندەل بوون و پاكسازی و كەسی شیاو بۆ شوێنی شیاوە ...قسەی ئاشكراكردنی راستیەكانە...

بێجگە لەو سایتە جنێوفرۆشانەی كە مەبەستێكی دیاری كراو لە پشتیانەوە هەولێ دەدات جوانیەكان ناشیرن بكات....

ئەوانەی رقیان لە دەرخستنی ئەو راستیانە تا سەر ئێسقان كەسانی بۆدەلەو ترسـنۆك و گەنـدەلن ..كەسـانی ورگ زل و تێرن لە خێرو بەركەتی وەسلی بەتال و ماستاو جیاتی و بەلێ راست دەكەی گەرەوم .. بەلێ وایـە گـەرەم .....راسـتت فەرموو گەورەم بێ ئەوەی شخسیەتی ئەوەیان هەبێت نوقەیان لێوەبێت بەرامبەر هەلەكان ...

دەنا ئەوە ئەرز و ئەوە گەز بۆ دەترسن لەدەنگی هەق و ئازادی خۆازان خۆ ئێـوەش قەلەمـەكانتان بـە قـەدەر شـیرەكەی ئیمام عەلی تیژە ...

بۆ نانوسن ؟؟؟؟

بۆ ئەوانەی بۆ ئازادی و دەرخستنی راستیەكان دەنوسن بە گێلو نەفام وفەوزەویی لـە قـەلمیان دەدەن ....دە بنوسـن بـا هەزار قەلەمی ئازادی خوازان لێتان بێتە وەلام ......................